# وانەی ٧٧: هەڵسانەوە و ژیان

یۆحەنا ١١ و ١٢

لەم خاڵەی دیراسەتەکەمان لە ئینجیلی پیرۆز، بینیمان کە عیسای مەسیح زۆر ناوی هەیە. ئەم ناوانە یارمەتیمان دەدات بزانین ئەو کێیە. تا ئێستا گوێمان لێ بوو کە بە عیسا دەوترا: ئەو ووشەیەی لەگەڵ خودا بوو لە سەرەتا، کوڕی باڵادەست ترین، کوڕی مرۆڤ، بەرخی خودا، ڕزگاری دەر، ئەو نانەی ژیان دەبەخشێ، ڕووناکی جیهان، پەروەردگاری شکۆ، دەرگای مەڕەکان و شوانە دڵسۆزەکە. ئەمڕۆ دوو ناوی تری عیسا دەبینین: ئەو ناوانەش (هەڵسانەوە) و (ژیان) ـنن.

بینیمان چۆن عیسا گەشتی دەکرد بەناو خاکی جولەکەدا و فێرکاری و چاکەکاری ئەنجام دەدا و نەخۆش و شەل و کوێر و ئەوانەی ڕۆحی پیسیان تێدا بوو چاك دەکردەوە. خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتن. بەڵام شارەزا ئایینیەکان ناسرابوون فەریسیەکان زۆر حەسودییان بە عیسا دەهات. نە دەیاندەتوانێ ئەو داناییەی عیسا پێی دەدوا ئینکار بکەن و نە دەیاندەتوانی ئینکاری ئەو موعجیزانە بکەن کە ئەنجامی دەدا.

بۆ ئێستا پلانمان وایە بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیل. دەبینین چۆن عیسا شتێکی زۆرسەیری ئەنجام دا کەوا شکۆمەندی خودای ناو ئەودا ئاشکرا کرد، تاکو خەڵکی باوەڕی پێ بێنن. لە بەشی یازدەهەمی ئینجیلی یۆحەنا دەخوێنینەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یۆحەنا ١١) ١ پیاوێک بە ناوی لەعازری بێتعەنیا نەخۆش بوو، خەڵکی گوندەکەی مریەم و مەرسای خوشکی بوو.
٢ مریەم ئەوەبوو کە خوداوەندی بە بۆن چەورکرد و بە پرچی پێیەکانی سڕییەوە، لەعازری براشی نەخۆش بوو. ٣ خوشکەکان هەواڵیان
بۆ نارد و وتیان: (گەورەم، ئەوەتا ئەوەی خۆشتدەوێت نەخۆشە.)
٤ کاتێ عیسا ئەمەی بیست فەرمووی: (ئەم نەخۆشییە بۆ مردن نییە، بەڵکو بۆ شکۆداری خودایە، تاکو بەهۆیەوە کوڕی خودا شکۆدار
بێت.) ٥ عیساش مەرسا و خوشکەکەی و لەعازری خۆشدەویست، ٦ بۆیە کاتێ بیستی نەخۆشە، لەو شوێنەی لێیبوو دوو ڕۆژ مایەوە.
(عیسا دەیزانی کە لەعازر دەمرێ. بەڵام عیسا پلانی دانا مردنی لەعازر بەکار بێنێت تاکو ئەو هێزەی خودا کە لەناو ئەودایە پشان
بدات، بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن ئەو لە ئاسمانەوە هاتووە.) ٧ دوای ئەمە بە قوتابییەکانی فەرموو: (با بچینەوە یەهودیا.) ٨ قوتابییەکان
پێیان وت: (ڕابی، ئێستا جولەکە بەتەمابوون بەردبارانت بکەن، دیسان دەچیتەوە ئەوێ؟) ٩ عیساش وەڵامی دایەوە: (ئایا ڕۆژ دوازدە
کاتژمێر نییە؟...١١ ...(لەعازری دۆستمان نووستووە، بەڵام دەچم تاکو بەخەبەری بهێنمەوە.) ١٢ ئینجا قوتابییەکان پێیان وت: (گەورەم،
ئەگەر نووستووە، چاکدەبێتەوە.) ١٣ عیسا باسی مردنی ئەوی کرد، بەڵام ئەوان وایانزانی باسی نووستنی پشوودان دەکات. ١٤ عیساش
بە ئاشکرا پێی فەرموون: (لەعازر مرد. ١٥ لەبەر ئێوە دڵشادم کە لەوێ نەبووم، تاکو باوەڕ بهێنن. بەڵام با بڕۆینە لای ی.)
١٧ کاتێ عیسا گەیشت، زانی وا چوار ڕۆژە لە گۆڕ دایە. ١٨ بێتعەنیاش نزیکەی پازدە تیرهاوێژ لە ئۆرشەلیمەوە دوور بوو. ١٩ زۆر
جولەکە هاتنە لای مەرسا و مریەم تاکو سەرەخۆشی براکەیان لێ بکەن. ٢٠ کاتێ مەرسا بیستی عیسا هاتووە، بەرەوپیری چوو، بەڵام
مریەم لە ماڵ مایەوە. ٢١ ئینجا مەرسا بە عیسای وت: (گەورەم، ئەگەر لێرە بووای، براکەم نەدەمرد. ٢٢ ئێستاش دەزانم هەرچی لە
خودا داوا بکەیت، خودا دەتداتێ.) ٢٣ عیسا پێی فەرموو: (براکەت هەڵدەستێتەوە.) ٢٤ مەرساش پێیووت: (دەزانم لە هەڵستانەوەی
ڕۆژی دوایی هەڵدەستێتەوە.)
٢٥ عیسا پێی فەرموو: (منم هەڵستانەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت دەژێیتەوە.
٢٦ هەروەها هەر کەسێک کە زیندووە و باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز نامرێت. باوەڕ بەمە دەکەیت؟)
٢٧ پێیووت: (بەڵێ گەورەم. باوەڕم هێناوە کە تۆ مەسیحەکەیت، کوڕی خودای، ئەوەی بۆ جیهان دێت.)
٢٨ کە ئەمەی وت، چوو مریەمی خوشکی بانگکرد و بە نهێنی وتی: (مامۆستا لێرەیە، بانگت دەکات.) ٢٩ ئەویش کە ئەمەی بیست

خێرا هەڵستا و هاتە لای... [٣٢] کاتێ مریەم گەیشتە ئەو شوێنەی عیسای لێبوو و ئەوی بینی، بەسەر پێیدا کەوت و پێیووت:
(گەورەم، ئەگەر لێرە بووای، براکەم نەدەمرد.)
[٣٣] عیساش کە بینی دەگرییێت و ئەو جولەکانەش کە لەگەڵی هاتبوون دەگرییێن، کاری لە ڕۆحی کرد و پەشۆکا، [٣٤] فەرمووی:
(لەکوێتان داناوە؟) پێیان وت: (گەورەم، وەرە و ببینە.) [٣٥] جا عیسا گریا. [٣٦] بۆیە جولەکەکان وتیان: (سەیر بکەن چەند
خۆشیدەویست!) [٣٧] بەڵام هەندێکیان وتیان: (ئەمە کە چاوی نابیناکەی کردەوە، ئایا نەیدەتوانی وای بکردبووایە ئەمیش
نەمردبووایە؟) [٣٨] دیسان عیسا لە ناخەوە کاری تێکرد و هاتە لای گۆڕەکە کە ئەشکەوتێک بوو بەردێکی پێوەنرابوو. [٣٩] عیسا
فەرمووی: (بەردەکە لادەن.) مەرسای خوشکی مردووەکە پێیووت: (گەورەم، بۆنی کردووە، چونکە چوار ڕۆژە.) [٤٠] عیساش پێی
فەرموو: (ئەی پێم نەووتی ئەگەر باوەڕ بکەیت شکۆی خودا دەبینیت؟) [٤١] ئەوسا بەردەکەیان لابرد، عیساش چاوی هەڵبڕی و
فەرمووی: (باوکە، سوپاست دەکەم کە گوێت لێ گرتم. [٤٢] زانیم کە تۆ هەمیشە گوێم لێ دەگریت. بەڵام لەبەر ئەو خەڵکەی لەم ناوە
ڕاوەستاون ئەمەم وت، تاکو باوەڕ بکەن کە تۆ منت ناردووە.) [٤٣] کە ئەمەی وت بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: (لەعازر وەرە
دەرەوە!) [٤٤] ئەوسا مردووەکە هاتە دەرەوە، دەست و قاچی بە کفن بەسترابوو، ڕووشی بە دەسماڵێک پێچرابوو. عیساش پێی فەرموون:
(بیکەنەوە، بهێڵن با بڕوا.)

پێش ئەوەی ئەم چیرۆکە سەرنج ڕاکێشە تەواو بکەین، با کەمێك بیر بکەینەوە دەربارەی ئەم موعجیزە مەزنەی عیسا ئەنجامی دا. لە ڕۆژی بەدی هێنانی جیهانەوە تا ئەمڕۆ، هەرگیز کەس گوێی لێ نەبووە کەسێك بتوانێ ژیان ببەخشێ بە لاشەیەك کەوا چوار ڕۆژ لە گۆڕا بێت، لاشەیەك کەوا دەستی کردبێ بە بۆگەن بوون و کرم لێ دان. بەڵام عیسا ئەمەی کرد کاتێ لەعازری هەستاندەوە لە مردن.

هێزی مردن کێشەیەك نەبوو بۆ پەروەردگار عیسا، لەبەر ئەوەی ئەو ووشەی خودایە، خودی ژیانی خودایە کەوا لە ئاسمانەوە هات. وەك چۆن خودا ژیانی تێدایە، عیسای مەسیحیش ژیانی تێدایە. وەك چۆن خودا دەتوانێ جەستەی مردوو هەڵسێنێتەوە و ژیانی پێ ببەخشێ، هەروەها مەسیح دەتوانێ ژیان ببەخشێ بە هەرکەسێك بیەوێ، لەبەر ئەوەی خۆی سەرچاوەی ژیانە. لەبەر ئەوە کاتێ عیسا بانگی لەعازری کرد بێت، لاشەکە هاتەوە ژیان و هەستایەوە لە گۆڕەکە دەرچوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو عیسا توانی بە خوشکی لەعازر بلێت، (منم هەڵستانەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت دەژییێتەوە!)

ئێستاش با چیرۆکە تەواو بکەین و بزانین جولەکەکان چییان کرد لەپاش ئەوەی بینیان عیسا لەعازری هەستاندەوە لە گۆڕ. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یۆحەنا ١١) [٤٥] بۆیە زۆر لە جولەکەکان، کە بۆ لای مریەم هاتبوون، کاتێ ئەمەیان بینی کە عیسا کردی،
باوەڕیان پێی هێنا. [٤٦] بەڵام هەندێکیان چوونە لای فەریسییەکان و ئەوەی عیسا کردبووی پێیان وتن. [٤٧] بۆیە کاهینانی باڵا و
فەریسییەکان سەنهەدرینیان کۆکردەوە. وتیان: (چی بکەین؟ چونکە ئەم پیاوە نیشانەی زۆر دەکات. [٤٨] ئەگەر ئاوا لێی گەڕێین هەموو
خەڵکەکە باوەڕی پێ دەهێنن، ڕۆمانییەکانیش دێن، شوێن و گەلمان دەبەن.)

[٤٩] یەکێک لەوان، قەیافا، ئەو ساڵە سەرۆک کاهین بوو، پێیووتن: (ئێوە هیچ نازانن، [٥٠] تێناگەن، باشتر وایە بۆتان پیاوێک لە جیاتی
گەل بمرێت، لەوەی گەلەکە هەمووی لەناوبچێت.) [٥١] ئەو لە خۆیەوە ئەمەی نەووت، بەڵکو لەو ساڵەدا سەرۆک کاهین بوو، پێشبینی
کرد کە عیسا خەریکە لە جیاتی گەل دەمرێت، [٥٢] نەک تەنها لە جیاتی ئەو گەلە، بەڵکو تاکو منداڵانی خوداش کە پەرتەوازە بوونە بۆ
یەک کۆبکاتەوە. [٥٣] ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕاوێژیان کرد بیکوژن. [٥٤] بۆیە چیتر عیسا بە ئاشکرا بە ناو جولەکاندا نەدەگەڕا، بەڵکو لەوێوە
چووە ناوچەکانی نزیک چۆڵەوانی، بۆ شارێک ناوی ئەفرایم بوو، لەگەڵ قوتابییەکانی لەوێ مایەوە.
[٥٥] لەو کاتەدا جەژنی پەسخەی جولەکە نزیک بوو، زۆر کەس لە گوندەکانەوە پێش پەسخە بۆ ئۆرشەلیم چوون تاکو خۆیان
پاکبکەنەوە. [٥٦] جا داوای عیسایان دەکرد، لە پەرستگا ڕاوەستابوون بە یەکتریان دەووت: (ڕاتان چییە؟ نایەتە جەژن؟) [٥٧] کاهینانی باڵا
و فەریسییەکانیش فەرمانیان دەرکردبوو ئەگەر یەکێک بزانێت ئەو لەکوێیە، دەبێت ئاشکرای بکات، تاکو بیگرن.

(یۆحەنا ١٢) [١] شەش ڕۆژ پێش جەژنی پەسخە عیسا هاتە بێتعەنیا کە لەعازری لێبوو، ئەوەی عیسا لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە.
[٢] لەوێ شێویان بۆی کرد، مەرسا خزمەتی دەکرد، لەعازریش یەکێک بوو لەوانەی لەگەڵی پاڵیدابۆوە. [٣] مریەمیش نیو لیترێک بۆنی
ناردینی سادەی گرانبەهای هێنا و پێی عیسای چەورکرد، ئینجا بە قژی پێی سڕییەوە، ماڵەکەش پڕبوو لە بۆنە خۆشەکە. [٤] یەهوزای
ئەسخەریوتی کە یەکێک بوو لە قوتابییەکانی و بەتەمابوو بە گرتنی بدات، وتی: [٥] (بۆچی ئەم بۆنە بە سێ سەد دینار نەفرۆشرا و نەدرا
هەژاران؟) [٦] ئەمەی وت نەک لەبەر ئەوەی خەمی هەژاران دەخوات، بەڵکو لەبەر ئەوەی دز بوو و سندوقی پارەشی لەلا بوو، هەرچی
تێدا دابنرابووایە دەیبرد. [٧] عیساش فەرمووی: (وازی لێ بهێنن، بۆ ڕۆژی ناشتنم هەڵیگرتبوو، [٨] چونکە هەژاران هەمیشە لەگەڵتانن،
بەڵام من هەمیشە لەلاتان نیم.)
[٩] کاتێ حەشاماتێک جولەکە زانییان ئەو لەوێیە، هاتن، نەک تەنها لەبەر عیسا، بەڵکو بۆ بینینی لەعازریش کە لەنێو مردووان
هەڵیستاندەوە. [١٠] ئەوسا کاهینانی باڵا تەگبیریان کرد لەعازریش بکوژن، [١١] چونکە زۆر جولەکە لەبەر ئەو دەڕۆیشتن و باوەڕیان بە
عیسا دەهێنا.

شتێك هەیە دەبێت بیری لێ بکەینەوە. بینیت ڕابەرە ئایینیەکان چۆن کرداریان کرد بەرامبەر ئەو موعجیزەیە عیسا پێیانی نیشان دا؟ هیچ کەسیان نەیوێرا ئینکاری ئەو موعجیزەیە بکات کە عیسا ئەنجامی دا، لەبەر ئەوەی هەمووان بۆ خۆیان ئەو پیاوەیان بینی کەوا لە مردن هەستێندرابوو! ئەی کاهینانی باڵا و کاهینەکانی تر چییان کرد؟ ئایا تۆبەیان کرد لە گوناهەکانیان و باوەڕیان هێنا کە عیسا مەسیح بوو کەوا لە ئاسمانەوە هات؟ نەخێر، تۆبەیان نەکرد! ئەو هەموو موعجیزانەی عیسا ئەنجامی دان وای نەکرد کاهینەکان و قوتابییەکانیان تۆبە بکەن و عیسا وەك پەروەردگار و ڕزگاری دەریان قەبوڵ بکەن.


ئەی باشە، کاهینانی باڵا چییان کرد؟ تەنانەت زیاتر ڕقیان لە عیسا بووەوە و کلکیان کردە یەك بۆ ئەوەی پلانێك دانەن بیکوژن! هەروەها پلانیان دانا لەعازریش بکوژن کەوا عیسا لە مردن هەڵیساندەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بۆە هۆی ئەوەی زۆربەی جولەکەکان پشت لە کاهینان بکەن و شوێنی عیسا بکەون. ئای کە دڵی ئەو ڕابەرە ئایینیانە ناڕاست و دوور بوو لە خودا! خودا و ڕاستییان خۆش نەدەویست. ئەو نیشانە ڕوونانەیان پشت گوێ خست و ئەو موعجیزە زۆرانەی کەوا عیسا بەرامبەریان ئەنجامی دا. تەنها بیریان لە خۆشی خۆیان و پلەوپایەی و قازانج و پارە پەیداکردن دەکردەوە. بۆیە، کلکیان کردە یەك بۆ کوشتنی عیسا، لەبەر ئەوەی دەترسان ئەگەر لێی بگەڕێن بەردەوام بێت، ئەوا هەموو جولەکە پشتیان لێ دەکەن و شوێنی عیسا دەکەون.

ڕای تۆ چیە بەرامبەر ئەو ڕابەرە ئایینیانە؟ کێ بیرۆکەی کوشتنی عیسای خستە ناو بیریان؟ شەیتان ڕێنماییانی دەکرد، لەبەر ئەوەی ڕقی لە خودا و مەسیحەکەی بوو. شەیتان پێی وابوو ئەگەر سەرکردەکانی جولەکە عیسا بکوژن، ئەو کاتە پلانی خودا بۆ ڕزگارکردنی نەوەکانی ئادەم هەرەس دێنێ. ئەوەی شەیتان نەیزانی ئەوەبوو کە خودا پلانی دانابوو مردنی مەسیح بەکار بێنێت بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە هێزی شەیتان! هەروەها، شەیتان و ئەوانەی لەگەڵ ئەو دەڕۆن نەیانزانی هێزی مردن نەیدەتوانی پەروەردگار عیسا ڕابگرێ. زەوی ناتوانێ عیسا شی دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی عیسا هەڵستانەوە و ژیانە.

بۆ دیراسەتی داهاتوو بەردەوام دەبین لە خوێندنەوەی ئینجیل و دەبینین چۆن عیسا بەسواری گوێ درێژێك چووە ناو ئۆرشەلیمەوە، و بەو شێوەیە نووسینەکانی پێغەمبەرانی هێنایە دی کە زۆر لەوە پێش نووسیبویان سەبارەت بە مەسیح.

دەبا خودا خۆی فێری بکات کاتێ سەرنجی مانای بەبەرەکەتی ئەم ووشانەی عیسای مەسیح دەدەن:

(منم هەڵستانەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت دەژییێتەوە...باوەڕ بەمە دەکەیت؟) (یۆحەنا ١١: ٢٥، ٢٦)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بینیت ڕابەرە ئایینیەکان چۆن کرداریان کرد بەرامبەر ئەو موعجیزەیەی عیسا پێیانی نیشان دا؟

٢. ئەی کاهینانی باڵا و کاهینەکانی تر چییان کرد؟

٣. ئایا تۆبەیان کرد لە گوناهەکانیان و باوەڕیان هێنا کە عیسا مەسیح بوو کەوا لە ئاسمانەوە هات؟

٤. کاهینانی باڵا چییان کرد؟

٥. ڕای تۆ چیە بەرامبەر ئەو ڕابەرە ئایینیانە؟

٦. کێ بیرۆکەی کوشتنی عیسای خستە ناو بیریان؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**

**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org